www.kurdistannet.org
23-7-2007 12:11بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**وەزیری تەندروستی سیستەمەکەت باش گۆری؟ ... تارا خۆشناو**

لەمێژەوە باوباپیرانمان چەندین پەندو قسەی بەنرخیان ووتووە کەوا لە زۆربەی جار لە ژیانی رۆژانەماندا دێتەوە پێشمان، یەك لەو قسە بەنرخانە ئەوەیە کە دەلێت هەلگرتنی بەردی گەورە نیشانەی نەهاویشتنیەتی، ئەم وەزیرە هەر لە هاتنەوەی پار ساڵ بۆ کوردستان یەکسەر دەستی کرد بە هاژو هوژ بەوەی سیستەمی تەندروستی لە کوردستاندا سیستەمێکی کۆنەو گوایا جەنابی وەزیر سیستەمی ئەوروپای بینیووەو ئەم سیستەمە دەگۆرێت و وەکو ئەوروپای لێدەکات، من هەرئەوکاتە تەماشای سەرو سیمای ئەم پیاوەم کرد لەوە نەدچوو بتوانێت چۆلەکەیەك لە ئاو بکات نەبادا سیستەمی تەندروستی لە کوردستاندا بگۆرێت. کاتێك هاتەوە بینیم دوو تەلکەکەبازی وەکو د. داراو د. کاوەی لەگەلدایە وەکو کلك بەدواوەین، من ووتم باوکەرۆ جەنابی وەزیر باش سیستەمی پی دەگۆرردرێت، ئەم دوو چەلاو خۆرە بە کلك کردنە چەند مسئولێك و دەست تێکەلاوکردن لەگەلیاندا، هەر لە گەرانەوەی ئەم وەزیرە لە فرۆکەخانەی هەولێری نێودەولەتیەوە وەکو بووك پێشوازیان لێکردو کردیانە ناو سەیارەیەکەوە بردیان بۆ سلێمانی من ئەو کاتە زانیم ئەم ماستە مویەکی تیادایە بێ سر نیە کە ئەمانە بە دەوری ئەم پیاوە وا کلك بادەدەن شتێکیان لە بن سەردایە، ئەوەبوو بە کەیفی ئەوان لێژنەیەکی تەندەراتیان دانا وە بە چەند رۆژێك هەموو شتەکانی ناو وەزارەتیان رێکخست. پاش ساڵێك ئینجا وا پۆخلەواتیان دەردەکەوێت، ئەوەبوو ئەو رۆژە یەکێك لە خاوەن کۆمپانیاکانم بینی شتێکی سەیری بۆ گێرامەوە ووتی لەم رۆژانە یەکێك لە کەسەکانی ناو وەزارەت هاتووە 6000 شەش هەزار دانە ئەمپوولی ئەپرێکسی لێکریوین وە وەسلکەی بە 396000000 سێسەدو نەوەدو شەش ملیۆن دینار پێکردین کە نرخی راستەقینەی خۆی تەنها 235000000 دووسەدو سی و پێنج ملیۆن دیناربوو وە ئەوەی کە مایەوە هەمووی خستە تەنکەی گیرفانیەوە من ئەوکاتە سەرم سورما و ووتم ئەی باشە جەنابی وەزیر بەلێنی پێنەداین کە سیستەمەکە بگۆرێت، برادەرێکم ووتی بەخوا جوانە سیستەمێ گۆرینی چی وا دەرمان لە نەخۆشخانە نی یە نەخۆشی پی چارەسەر بکرێت ئەوەی کە هەشە سەد خۆزگە بە نەبوون چونکە زۆربەی ئێکسپایەرەو یان دەرمانی زۆر خراپە ە هۆی کەمی ئەو دەرمانانەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە لەبەر زۆری رێژەی گەندەلی ناتوانرێت پێویستی یەکان دابین بکرێت منیش ئەوکاتە ووتم دەست خۆش کاك دکتۆر زریان بۆ ئەم سیستەمە نوێیە...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.